گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# فۆنیم و کێشەی فۆنیم لە زمانی کوردیدا

**پ.ی.د. عبدالله یاسین ئامێدی**
**راگری کۆلێژی پەروەردە و زمان - زانکۆی لوبنانی فەرەنسی – هەولێر**
a.amidi@lfu.edu.krd

**م.ی. ئاوات أحمد محمد صالح**
**بەشی پەروەردەی گشتی - کۆلێژی پەروەردە و زمان - زانکۆی لوبنانی فەرەنسی – هەولێر**
awatahmed87@yahoo.com

زانیاری توێژینەوە

ڕێکەوتەکانی توێژینەوە:
وەرگرتن: ١٣-١-٢٠١٦
ڕەزامەندی: ٢٨-٣-٢٠١٦
بڵاوکردنەوە: ٣١-٥-٢٠١٦

وشەسەرەکیەکان:
فۆنیم، کۆنسنانت، ڤاوڵ، زمانی کوردیدا

پـوختـە

**فۆنیم بچـووکترین دانەی زمانە لە ئاسـتی فونۆلۆجی. لە زمانی کوردیدا تا ئێستا زمانناسـان لەسەر هەندێ بابەتی پەیوەست بە فۆنیم ڕێك نەکەوتوون، وەك ژمارەی فۆنیم و ژمارەی ڤاوڵ و کۆنسـنانتەکان و هەندێ کێشـەی تری ڕێنووس... ئێمە لەو ڕوانگەیەوە کێشـەکان دووبارە دەسـتنیشـان دەکەین و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدەین.**

**باسـەکە جگە لە پێشـەکی و ئەنجام و لیسـتی سـەرچـاوەکان لە دوو تەوەرە پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم ئەم سەردێرانە لەخۆ دەگرێت (فۆنیم کورتەیەکی مێژوویی، فۆنیم چـەمك و زاراوە، دیاری کردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، دیـاری کردنی ژمـارەی فۆنیمـە ڤاوڵ و کۆنسـنانتەکان، دیاری کردنی فۆنیمە ڕەسـەن و نارەسـەنەکان). تەوەرەی دووەم ئەم سـەردێرانە دەگرێتەخۆ (نیگاری پیتەکان و شـێوازی نووسـینیان، نیگاری پیتە عەرەبییەکان، نیگاری پیتە لاتینیەکان). لەکۆتایی باسـەکەشدا کورتەیەك بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەروو.**

## 1- ناونیشانی باسەکە :

**ناونیشانە باسەکە بریتیە لە (فۆنیم و کێشەی فۆنیم لە زمانی کوردیدا) لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازیە.**

## 2- ڕێبازی لێکۆڵینەوەی باسەکە :

**لەم باسەدا ڕێبازی شیکاری پەسندکارانە گیراوەتەبەر.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3- گرنگی باسەکە :

لە زمانی کوردیدا یەکەم جار نییە لێکۆڵینەوە لە ئاستی دەنگسازیدا دەکرێ، بەڵام کارەکانی پێشوو کەلەبەریان جێهێشتووە بۆ لێکۆڵنەوەی تر. گرنگی باسەکەی ئێمە لەوە دایە کە، دووبارە کێشەکان بە وردی دەستنیشان کراوە و بەپێی توانا چارەسەری کێشەکان کراوە.

### 4- کەرەستەی باسەکە :

کەرەستەی ئەم باسە بریتییە لە ئەلف و بێی ئێستای زمانی کوردی بە هەردوو شێوەی عەرەبی و لاتینی.

### 5- سنووری باسەکە :

باسەکە لە چوارچێوەی زاری خواروی زمانی کوردی ئەنجام دراوە و بەگشتی لە ئاستی دەنگسازیدا کارەکە کراوە، لەهەندێ کاتی پێویست پەنا براوەتە بەر ئاستەکانی تری زمان بەتایبەتی ئاستی واتا. نموونەکانیش نموونەی ئاسای سەر زاری خەڵکین.

### 6- ناوەڕۆکی باسەکە :

باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو تەوەرە پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم ئەم سەردێرانە لەخۆ دەگرێت (فۆنیم کورتەیەکی مێژوویی، فۆنیم چەمك و زاراوە، دیاری کردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، دیاری کردنی ژمارەی فۆنیمە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان، دیاری کردنی فۆنیمە رەسەن و نارەسەنەکان). تەوەرەی دووەم ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ (نیگاری پیتەکان و شێوازی نووسینیان، نیگاری پیتە عەرەبییەکان، نیگاری پیتە لاتینیەکان). لەکۆتایی باسەکەشدا کورتەیەك بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەروو.

### ( 1/1 ) فۆنیم و کورتەیەکی مێژوویی :

سەرەتا بەکارهێنانی زاراوەی فۆنیم دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی زمانناسی پۆڵەندی (بۆدوین دی کۆرتینی) لە سەدەی هەژدەمدا، هەرچەندە ناوبراو ئەم بیرەی گەڵاڵەکرد بەڵام تا ماوەیەك وەك خۆی مایەوە، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، چونکە زمانناسان هەوڵی تاو وتوێ کردن و پێناسە کردنی بیرەکەیان نەدا.
هەر ئەم بیرەی (کۆرتینی) لە کارەکانی (سۆسێر) و (بونیادگەرەکان)یش بەرچاو دەکەوێت. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ناوی زاراوەی فۆنیم نەهاتووە. لەسەرەتادا زمانناسان خۆیان لە بەکارهێنانی زاراوەی فۆنیم بە دوور دەگرت بەهۆی ئەوەی ئەم زاراوەیە پێناسە و سنووری دیاری کراوی نەبوو. تا دواجار دامەزرێنەرانی قوتابخانەی (پراغ) پێناسەیەکی وردی زانستی بۆ زاراوەکە کرد، بە تایبەتی پێناسەکەی (ترۆپتسکۆی) ئەم کارەی ناوبراو کاری کردە سەر هەموو کارەکانی دوای خۆی.
((زاراوەی فۆنیم لەسەرەتادا بە واتای دەنگ بەکاردەهات، ئەم بەکارهێنانەش دەگەڕێتەوە لە قوتابییەکانی (کۆرتینی) بەناوی (کرۆزیفیسکی). )) (کمال بشر:2000:74). هەریەك لە (کۆرتینی) و (هنری سوید) لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشــەنگانی دۆزینەوەی بیرۆکەی فۆنیم بوون، بەڵام لەســاڵی 1970 (پاســی) ئەوەی پێش نیازکرد بۆ هەر دەنگێك فۆنیمێکی جیاواز دابندرێت. ئەگەر لە وشــەیەك فۆنیمێك بە فۆنیمێکی تر گۆڕا دەبێ واتای تەواوی وشەکە بگۆڕدرێت. (بڕوانە محمود سعران: 1962:120)

دواتر بیری فۆنیم لەســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەم لەکارەکانی (ســۆســێر) بیندرا و بەهەموو ئەوروپا و ئەمریکادا بلاو بووەوە. لە ئەمەریکا بونیادگەرەکان بە تایبەتی (سـۆسـێر) و (بلۆم فێلد) و (سـاپیر) گرنگی زۆریـان بـەم بـابـەتـەدا لـەرووی هۆشـــەکییـەوە.دواتر بیرەکـە بـەهەموو جیهان دا بلاو بووەوە و لەســاڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو زماننا‌سانی کورد لێکۆڵنەوەی لەبارەی فۆنیمەوە دەست پێکرد.

## ( 2/1 ) زاراوەی فۆنیم:

((زاراوەی فۆنیم لەوشـەی (Phoneim) ی گریکیەوە هاتووە، کە بە واتای (قسە) دێت. دواتر هەمان وشە گۆڕانی بەسـەردا هاتووە بووە بە (Phonema) کە ئەویش بە واتای (دەنگی قسـە) دێت. فەرەنسـیەکانیش لـەکۆتـایی ســـەدەی نۆزدەهـەمدا (Phonema)ـــــی گریکیان وەرگرت و کردیان بە( Phoneme ). )) (www.google.com\phoneme.np.nd=1 ) لـە ئنگلیزیشـــدا هـەمـان زاراوە بـەکـاردێت ئەوەی جیاوازە تەنیا دەربڕین و شێوازی نووسینی زاراوەکەیە. لە زمانی عەرەبیشدا هەندێ لە زمانناسە عەرەبەکان هەمان زاراوە بۆ هەمان مەبەست بەکار دێنن. لە زمانی کوردیشـدا ((تا ئێسـتا زاراوەیەکی تایبەت بەرامبەر زاراوەی فۆنیم بەکار نەهاتووە)) (وریا عمر ئەمین: 2016 چاوپێکەوتنێکی تایبەت) کەواتە لە زمانی کوردیدا هەمان زاراوە جیهانیەکە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێ بە هەموو بەکارهێنان و تایبەتمەندیەکانیەوە.

## ( 1-2/1 ) چەمکی فۆنیم:

زانستی زمان یەکێکە لە زانستە مرۆڤیەکان، بەم پێیەش بیروبۆچوونەکان لە بارەی چەمکە جیاوازەکانەوە لەکارێکەوە بۆ کارێکی تر تەنانەت هەندێ جار لە نووســەرێك بۆ نووســەرێك یان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بۆچـــوونەکان دەگۆڕێن، هەندێ جاری تریش وا دەبێ دوو زمانناســـی ســـەر بەهەمان قوتابخانە و ڕێبازی زماننـاســیشــن بەڵام دوو بۆچـوونیان دەبێ لە بارەی یەك چـەمکەوە. بەمەش پێناســەکردنی بابەتێکی وەکو فۆنیم کارێکی ئاســان نابێت، چـونکە خودی فۆنیم لە چـەند روانگەیەکی جیاوازەوە پێناســەی بۆ دەکرێت. ئێمەش لێرەدا چەند پێناسەکی فۆنیم دەخەینەروو، کە هەر پێناسە و سەر بە روانگەیەکە.

1 – د. وریا عمر ئەمین لەبارەی فۆنیمەوە (2004: 13) دەنووسێت (( فۆنیم شتێکی Abstract تەمسیلی چـەند دەنگێکی جیا دەکات لە زمانێکی تایبەت دا. ئەم دەنگانەش شـێوەی جیا دەگرنە خۆ بە پێی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایاندا دەردەکەون.))

ئەوەی لە پێناســەکەی (د. وریا) دەردەکەوێت ئەو لە روانگەیەکی رووتەوە بۆ فۆنیم چــووە، بە واتایەکی تر ناوبراو تێڕوانینێکی رووتی هەیە بۆ فۆنیم. لەبۆچــوونی رووتدا فۆنیم هیچ بوونێکی بەرجەســتەی نییە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵکو شـــتێکە لە نێو مێشـــك دایە. بۆیە زانایەکی وەك (توادێل) کەرابەری قوتابخانەی بیری رووتە دەڵێ ((فۆنیم لـەرووی دەروونی و ئـەنـدامیشـــەوە هیچ بوونێکی راســـتـەقینـەی نییـە، تـەنیا یەکەیەکی رووتی ئەفسانەییە.)) (تمام حسان: 1990: 30) کەواتە لەم بۆچوونە دا دیاری کردن و ناسینەوەی فۆنیم و پۆلین کردنی فۆنیم نـابێت بـەهۆی بنـەمـای فۆنـەتیکیـەوە بێ بـەڵکو (( دەبێ بـەهۆی هۆکـاری تری وەك رەفتـاری مۆرفۆلۆجی دەنگەکان و تێکچوون و جیاوازی دەنگانەوە بێ)) (د. محمد معروف فتاح: 2011: 68- 69).

2 – د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف لەبارەی فۆنیم (1982: 17) دەنووسـێت ((فۆنیم بەو دەنگانە دەگوترێت کە لە زماندا وشـە پێك دەهێنێت، بە گۆڕان لاچـوونیان واتا دەگۆڕن)) ئەوەی لە پێناسەکەی (د. ئەوڕەحمان) دەردەکەوێت ئەوە ناوبراو لە روانگەیەکی ئەرکیەوە دەڕاونێتە فۆنیم. لەم بۆچـوونە دا فۆنیم لەسەر بنەمای ئەرکیەوە پێناسە دەکرێت، نەك لەرووی رووتی و دەروونییەوە. هەڵبەت پێناسەکردنەکەش دەبێ لە زمانێکی دیـاریکراو بێـت. بـەمـەش فۆنیم دەبێتـە ((بچـــووکترین دانـەی فۆنۆلۆجی لـە زمـانێکی دیاریکراودا)) ( D. Cristal: 2003: 347) کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا بەجێدەهێنێت. (بڕوانە عبدالصبور شاهین: 1980: 121- 122). ئـەرکی فۆنیمیش بریتیـە لە جیاکردنەوەی واتا لە نێوان وشـــەکان و پێدانی نرخێکی زمانی تایبەت و جیاواز. کەواتە بەپێی ئەم بۆچـوونەبێ ئەرکی فۆنیم رۆڵی سـەرەکی دەبێ لە جیاکردنەوەی واتای وشـــەکان لەیەکتر وەك (أنتِ) (أنتَ) لە نموونەکەدا {ت} جارێك کەســـرەی لەژێرە و جارێکیش فەتحەی لـەســـەرە. بـەمـەش تـایبـەتمەندی مۆرفۆلۆجی ڕێزمانی خۆی هەیە لەهەمان کاتیشـــدا تایبەتی فۆنۆلۆجی ڕێزمانیشـی بە وشـەکە داوە. (بڕوانە حسام البهنساوي: 2004: 132) لە زمانی کوردیشدا نموونەی زۆرمان هـەیـە بـە گۆڕێن و ریزبەندکردنیان واتای وشـــە دەگۆڕێ و تایبەتی ڕێزمانی... بە وشـــە دەدات بۆ نموونە (شەڕ≠ رەش، دور≠ ورد، کەر≠ کەڕ، گەر≠ گەڕ).

3 – ســـاپیر دەڵێت ((فۆنیم دەنگێکی نموونەییە، هەوڵ دەدرێ لاســـایی بکرێتەوە، بەڵام لە درککردندا لە شـێوەی بیسـتراو بە شـێوەی ویسـتراو سـەرکەوتوو نابێت)) ( أحمد مختار عمر: 2004: 175) ئەوەی لەو پێناســـەیەی ســـاپیر بەدی دەکرێت ناوبراو لەرووی بۆچـــوونی دەروونییەوە ســـەیری فۆنیمی کردووە، لەم بۆچـوونەش دا فۆنیم دەنگێکی نمونەیی رووتی مێشـکە. کە ئەمەش بە وێنەی مێشـکی دەنگ یا بیرۆکەی دەنگی ناســـراوە. بۆیە زمانناســـێکی وەك (دی کۆرتینی) لەبارەی فۆنیمەوە دەڵێت ((ئەو دەنگەیە قســـەکەر نیازی وایە دەریبهێنێت، نەك ئەو دەنگەی لە راســـتی دا لە ئەنجامی هەوڵەکە دێتە ئاراوە.)) (محمد معروف فتاح: 2011: 64) بەمەش پێناســـەکردنی فۆنیم لەم بۆچـــوونە دا بە تەواوی پشـــت بە (وێنەی فۆنیم لە مێشـك ) دەبەســـتێ ئەمەش لاوازی بۆچـوونەکە دەخاتە روو، چـونکە پۆلینکردنی هەموو زمانەکان کارێکی ئاسان نییە. لەلایەکی تریشەوە ((کەموکوڕیەکانی بابەتە زمانییەکان دەخاتە ئەستۆی دەروون ناسەکان نەك زمانناسەکان.)) (أحمد محمد قدور: 1999: 98)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4 – دانیال جۆنز لە بارەی چــەمکی فۆنیمەوە دەڵێت ((فۆنیم ئەو شــەپۆلە دەنگەیە لەرووی فۆنەتیکییەوە لەیەکتر دەچن، یان لێکچوونی فۆنەتیکییان لە نێوان دا هەیە تا رادەیەکیش ئەندامانی پۆلەکە ناچنە شوێنی یەکترەوە)) (هەمان ســەرچــاوە: 99). ئەم پێناســەی ســەرەوە لە روانگەیەکی فیزیکیەوەیە، واتە گرنگی بەدەرکەوتنی فیزیکی فۆنیم کاروکاردانەوەی قســە دەدات، چــونکە تەنیا چــاودێری کردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن بەس نییە، بەڵکو لە پاڵ ئەمەش پێویستە پشت بە ئەنجامی بیستن ببەسترێ (بڕوانە سەرچاوەی پێشوو: 99- 100) [1]

بەبۆچــوونی ئێمەش فۆنیم بچــووکترین یەکەی زمانە لە ئاســتی فۆنۆلۆجیدا، هەرچــەندە خۆی هەڵگری واتا نییە بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە بە گۆڕینی و لابردنی لە چوارچێوەی وشەیەکدا.

## ( 3/1 ) سیماکانی ( تایبەتمەندی ) فۆنیم:

لەچەند روانگە و بۆچوونێکی جیاوازەوە پێناسەی فۆنیممان کرد، بە سوود وەرگرتن لە پێناسەکانی فۆنیم دەتوانین چەند سیمایەك بۆ فۆنیم دەستنیشان بکەین، کە فۆنیم بەهۆیەوە دەناسرێتەوە.

1 – راســتی دەروونی: فۆنیم دەبێت راســتییەکی دەروونی هەبێت، واتە دەبێت بەکارهێنەرانی فۆنیم هەســت بە بوونی بکات. بە دەربڕینێکی تر کاتێك کەســێك {ت} یان {چ} یان... دەردەبڕێت لە دەروون و مێشــکی دا شتێك هەبێت کە لە {ت} یان {چ} بکات.

2 – گۆڕینی شــوێن: گۆڕینی شــوێنی فۆنیمەکان کار لە واتای وشــە دەکات، چــونکە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە وەك ( کەو≠ وەك).

3 – دەرکــەوتن: دەرکــەوتنی فۆنیم لــە ژینگــە جیــاکــاندا بە تایبەتمەندی فۆنیم هەژمار دەکرێت. واتە دەبێ فۆنیم لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دا بەکار بێ.

4 – فۆنیم و پارچــە نەبوون: فۆنیم بچووکترین دانەی زمانە لەرووی فۆنۆلۆجیەوە، کە بۆپارچەی بچووکتر لە خۆی کەرت ناکرێت.

## ( 4/1 ) دیاریکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی:

پێش ئەوەی باســی دیاری کردنی فۆنیمە ڤاوڵ و کۆنسـنانتەکان بکەین، دەبێ باســی هەریەکە لە زاراوەکانی (ڤاوڵ/ کۆنســنانت) بکەین. چــونکە زمانناســانی کورد زاراوەی جیاوازیان بۆ ئەم بابەتە بەکارهێناوە، هەندێ زمانناس زاراوەی (ساز، ناساز)ــــیان بەرامبەر (ڤاوڵ/ کۆنسـنانت) بەکارهێناوە (تاهر صادق: 1969: 19). هەندێکی تریش زاراوەی دەنگدار و بێدەنگیان بەرامبەر (ڤاوڵ/ کۆنسنانت) بەکار هێناوە (نوری علی ئەمین: 2012: 10). هەندێکی تریش زاراوەی (بزوێن، نەبزوێن)ــــیان بەرامبەر (ڤاوڵ/ کۆنسـنانت) بەکار هێناوە.

[1] ئەم بۆچوونە سەرەتا لەلایەن دانیال جۆنز خراوەتە روو بەڵام بنەچەکەی دەگەڕێتەوە سۆسێر کاتێك رەخنەی لەوە گرت دەنگ بە نووسین بنووسرێت (حسام الهنساوی:144: 204)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی حەفت: 2014: 15). دەبێ ئەوە بڵێین زاراوەی (بزوێن، نەبزوێن) بۆ زمانی کوردی گونجاو نییە، چونکە کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەرە و هەروەها ((زاراوەی بزوێن و نەبزوێن بۆ زمانی عەرەبی دەست ئەدەن، چونکە ڤاوڵەکانی ئەم زمانە نانووسرێن، بەلاّم لە ئاخاوتندا کۆنسنانتەکانیان پێ ئەبزوێندرێ دەستنیشانی رۆیشتن و جێگای رۆیشتنی کۆنسنانتەکانی پێ ئەکرێ، بەلاّم لە زمانی کوردیدا ڤاوڵەکان وەك کۆنسنانتەکان ئەنووسرێن و بەیەك چاو سەیر ئەکرێن.)) (غازی فاتح وەیسی: 1984: 53). بۆیە لەم باسەدا زاراوەی (ڤاوڵ/ کۆنسنانت) وەك خۆی بەکاردێ بە هەموو ئەو تایبەتییانەی کە، خودی زاراوەکە هەڵیگرتووە ...

لە زمانی کوردیدا تا ئێستا زمانناسان لە سەر ژمارەی فۆنیمەکان رێك نەکەوتوون. چونکە هەریەکە و سەر بە خاوەنی بیر و رێبازێکی جیاوازن لەیەکتر. ئەمە سەرە رای ئەوەی زمانی کوردی کاریگەری زمانانی عەرەبی فارسی لەسەرە. هەر بۆنمونە هەندێ زمانناس ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی بە (37) دانە هەژمار دەکەن (زمان و ئەدەبی کوردی: ) هەروەها نوری علی ئەمین ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی بە (43) دانە هەژمار دەکات. (نوری علی ئەمین: 2012: 8- 10) ناوبراو دەڵێ سێ فۆنیم هێشتا وێنەیان بۆ دیاری نەکراوە لە نێو پیتە عەرەبیەکان. هەروەها د. محمد معروف فتاح ژمارەی فۆنیمەکانی بە (35) دانە هەژمار کردووە. (محمد معروف فتاح: 1982: 231) د.عبداللە حسێن بە هەمان فۆنیمەکانی زمانی کوردی بە (35) دانە هەژمار کردووە. ( عبداللە حسێن رسول: 2011: 231)

د. وریا عمر ئەمین ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی بە (35) دانە هەژمار کردووە. و دەڵێ لەهەندێ وشە (ع) بەدی دەکرێت ئەگەر ئەویش هەژمار بکرێ دەبێتە (36) دانە. (وریاعمر ئەمین: 2004: 13). لێژنەی رێنووس لە ئەکادیمیای کوردی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی بە (36) هەژمار کردووە. ئەگەر بە رەوتێکی مێژوویی سەیری کارەکانی پێشوو بکەین بە تێکڕای گشتیان ژمارەکە لە نێوان (33- 43) دیاری کراوە.[2]

دیاری کردنی فۆنیم لە زماندا کارێکی مەیدانی یە، ((پشت بە ئەرکی فۆنیم دەبەستێت، لە سیستەمی زماندا ئەو سیستەمەش تایبەتە و دەنگ و واتا لەیەك دەبەستێت.)) (وریاعمر ئەمین: 2004: 9) بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ سەیری فەرهەنگێکی کوردی باش و دەوڵەمەند بکەین، یان وشەکان لە کوردی زانێکی بە سەلیقە وەربگیرێت و بکرێتە پێوەر. بەهۆی رێگەی (جووتۆکە، سێتەلە) فۆنیمەکان دیاری دەکرێت. ( بڕوانە سەرچاوەی پێشوو: 11- 12) رێگای جووتۆکەش بریتیە لە بەرامبەر کردنی دوو وشە یان چەند وشەیەك، کە لە هەموو دەنگەکانەوە وەیەك بن تەنیا لە یەك دەنگ جیاواز بن. ئەو دەنگە جیاوازەش دەبێ ببێتە هۆی گۆڕینی واتا. ئەو کاتەش فۆنیمە جیاوازەکە وەردەگیرێت و بە فۆنیمی تازە هەژمار دەکرێت.

[2] لێرە دا ناوی هەموو ئەو کارانەمان نەبردووە کە پەیوەستن بەم بوارەوە، چونکە باسەکە رێگەی ئەوەمان نادات و دەبێتە هۆی فراوانی باسەکەش.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| جووتۆکه | فۆنیم | فۆنیمی تازه | ژماره |
|---|---|---|---|
| جـــەم، چـــەم، دەم، خـــەم، زەم، ژەم، شەم | ج، چ، د، خ، ز، ژ، ش | ج، چ، د، خ، ز، ژ، ش | 7 |
| تـاڵ، مـاڵ، خـاڵ، سـاڵ، کـاڵ، شـاڵ، چاڵ | ت، م، خ، س، ك، ش، | ت، م، س، ك، | 4 |
| زار، غـار، یـار، مـار، جـار، کـار، شـار، پار، نار | ز، غ، م، ج، ك، ش، پ (ی) نەبزوێن، ن | ز، غ، پ، ی (کۆنسنانت)، ن | 5 |
| خڕ، پڕ، تڕ، شڕ، سڕ، چڕ | خ، پ، ت، ش، س، چ | ــــــ | 0 |
| لاو، چاو، ، ناو، خاو، تاو، لاڵ | ل، چ، ب، ن، خ، ت، ڵ | ل، ، ن، ڵ | 3 |
| بۆن، مۆن، چۆن، کۆن، رۆن | ب، م، چ، ك، ، ر | ب، ر | 2 |
| ژیان، نیان، سیان، ڤیان، زیان | ژ، ن، س، ڤ، ز | ژ،ڤ | 2 |
| شین، دین، چین، خین، مین | ش، د، چ، خ، م | ــــــ | |
| بۆر،سۆر، مۆر، کۆر | ب، س، م، ك | ــــــ | 0 |
| کر، کڕ | ر، ڕ | ڕ | 1 |
| ناز، گاز، راز، باز | ن، گ، ر، ب | گ | 1 |
| هەنگ، دەنگ، جەنگ، تەنگ، | ه، د، ج، ت، ژ، ر، س | ه | 1 |
| دەق، دەم، دەف | ق، م، ف | ق، ف | 2 |
| کوور، کور | وو، و | وو، و(ڤاوڵ) | 2 |
| شێر، شیر | ێ، ی | ێ | 1 |
| دەر، سەر، دار | ە، ا | ە، ا | 2 |
| ژن، جن، من | بزۆرکە | بزرۆکە | 1 |
| شیر، بیر، تیر، میر | ی | ی( ڤاوڵ) | 1 |
| وار، شار | و، ش | و(کۆنسنانت) | 1 |
| **سەرجەم** | | | 36 |

### ( 1-4/1 ) دیاری کردنی فۆنیمە ڤاوڵەکان:

فۆنیمە ڤاوڵەکان بریتین لەو فۆنیمانەی کە بەئاســـانی لەدەم دێنە دەرەوە. واتە ((لە دەربڕیندا، هەوا بێ تەگەرە بە رەوانی بە بۆشـایی دەمدا تێدەپەڕێت.)) (د. ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 59) وەك پێشـتر لە بابەتی دیاری کردنی فۆنیمەکان ئاماژەمان پێدا زمانناسان لەسەر ژمارەکە رێك نەکەوتوون، بەم شێوەیەش لەســـەر ژمـارەی فۆنیمـە ڤـاوڵەکان رێك نەکەوتوون، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە دیاری کردنی فۆنیمە ڤاوڵەکان گرفتەکە کەمترە، چـــونکە ژمارەی ڤاوڵەکان کەمن و تەواوی کێشـــەکانی لە چـــەند خاڵێکی دیاری کراودا چڕ بۆتەوە.

1 – نەبوونی نیشانە/ پیت بۆ فۆنیمی بزرۆکە، لە ئەلفوبێی عەرەبی (ئارمی)یدا.

2 – هەژمارکردنی هەردوو فۆنیمی (و، ی) بە ڤاول/ کۆنسنانت، یان ڤاوڵی دوو لایەنە.

3 – بوونی فۆنیمی یەك لانە زیاتر.[3]

د. محمد معروف فتاح ژمارەی فۆنیمە ڤاوڵەکان بە (9) دانە هەژمار دەکات بەم شێوەیە ( بزوێنی کورت و، ە، بزرۆکە) بزوێنی درێژ (أ، وو، ی، ێ، ۆ، ) بزوێنی دوولانـە (وی) نیوە بزوێن (و، ی) . (د.محمد معروف فتاح: 2010: 47) نوری علی ئـەمین ژمـارەی فۆنیمـە ڤـاوڵەکان بە (8) دانە هەژمار دەکات (أ، ە، ی، ێ، و، وو، ۆ، وێ) ناوبراو دەشـڵێت (( جگە لەم پیتانە لە زمانی کوردیدا سێ پیتی تریش هەن کە هێشتا بە پیتی عەرەبی وێنـەیـان نییـە، وەك ئـەو دەنگـەی لە نێوان (م) و (ن) لە وشـــەی (من) و ئەو دەنگەی وا لە دوای پیتی (پ) وشەی (پیاز، پیاو، بیانوو) و ئەو دەنگەی لە دوای پیتی(چ) وشەی (چوار، کوا، سوا.... )) (نوری علی ئەمین: 2012: 8- 10) بە پێ ئەو قسەیەش بێ دەبێ ژمارەی فۆنیمە ڤاوڵەکان ببێت بە (11) دانە. تاهر صادق لە بارەی ژمارەی فۆنیمە ڤاوڵەکانی زمانی کوردی دەدوێت و دەڵێت ((ژمارەی پیتەکانی ناسـاز لە زمانی کوردیدا شـەشـن وەك (أ، ە، و، ۆ، ی، ێ) )) (تاهر سادق: 1969: 19). لە کتێبی رێنووسی کوردی...دا ژمارەی فۆنیمە ڤاوڵەکان بە (7) دانە هەژمار دەکەن (لێژنەیەك: 2013: 14) بە بۆچوونی ئێمەش ژمارەی فۆنیمە ڤاوڵەکان بریتین لە (6) دانە (أ، ە، وو، ۆ، ێ، بزرۆکە).

## (2-4/1) دیاری کردنی فۆنیمە کۆنسنانتەکان:

لەبارەی دیاری کردنی فۆنیمە کۆنســنانتەکانەوە دووبارە زماننـاســان لەســـەر ژمارەکە رێك نەکەوتوون و بۆچوونی جیاوازیان هەیە. فۆنیمی کۆنسنانت بریتین لە فۆنیمانەی کە بە ئاسانی لەدەم ناهێنە دەرەوە تەنیا بەهاوکاری فۆنیمە ڤاوڵەکان وشەیان پێ گۆ دەکرێت. لێژنەی پەروەردە و زمان ژمارەی فۆنیمە کۆنسنانتەکانی بە (29) دانە هەژمار کردووە ( ئـــ، ب، ت، پ، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه، و، ی ) (لێژنەیەك: 2014: ) وەهەروەها لێژنەی رێنووســی کوردی لە ئەکادیمای کوردی بە هەمان شـــێوەی پێشـــوو فۆنیمە کۆنســـنانتەکان بە (29) دانە هەژمار دەکەن. نوری علی ئەمین ژمارەی فۆنیمە

---

[3] فۆنیمی یەك لانە زیاتر ئەو فۆنیمانە زیاتر لە پیتێك بەژدارە لەیەك فۆنیم. زاراوەی دوولانە بەرامبەر زاراوەی ئینگلیزی (دیفسۆنگ) دێت وە زاراوەی سێ لانە بەرامبەر (تریفسۆنگ) دێ... تەنیا دیفسۆنگ لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە، بۆیەشە زمانناسانی کوردی باسی ئەوەیان کردووە، بۆنموونە (محمدأمین هەورامانی: 1973: 11- 12- 41- 42...) باسی ئەم بابەتەی کردووە، بەڵام ناوبراو لەدیاری کردنی فۆنیمی یەك لانە زیاتر باشی نەپێکاوە و دەڵێت لەزمانی کوردیدا فۆنیمی سێ لانە و چوار لانە هەیە ((زمانی کوردی جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانانی تر بەوەی کە چەند بزوێنێك بەدوای یەکدا کۆ دەبنەوە...)) هەروەها دەڵێت ((لەزمانی کوردیدا زیاتر لە سێ دەنگی بزوێن لەیەك هێشوو دا کۆ دەبنەوە وەك (ئەورەحمان) ل40))... ((شەو= دوولایەن، ساوەر=سێ لانە، ئاوایی= چوار لانە)). ئەو کارەی مامۆستای ناوبراو بۆ کاتی خۆی کارێکی باش بووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەندێ یاسای فۆنۆلۆجی هەیە کە، بۆچوونەکانی ناوبراو رەت دەکاتەوە.... وەك نەهاتنی دوو ڤاوڵ لە تەك یەکتری، دەست پێ نەکردنی سەرەتای برگە بە ڤاوڵ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کۆنسنانتەکان بە (32) دانە هەژمار دەکات. (ئـ، ب، ت، ن، م، ه، ق، ف، ڤ، ح، خ، ج، چ، س، ش، ر، ڕ، د، ژ، ز، ك، گ، ل، لـل، نگ، ڵ، لـڵ، ع، غ، و، ی). وە تاهر صـــادق لە بارەی ژمارەی فۆنیمە کۆنســـنانتەکانەوە دەڵێ ((ژمارەی پیتە ســـازەکان بریتین لە 28 دانە)) (تاهر صـــادق: 1969: 19). د.محمد معروف فتاح ژمارەی فۆنیمە کۆنسنانتەکان بە (25) دانە هەژمار دەکات.**

**بـەبۆچـــوونی ئێمـەش فۆنیمـە کۆنســـنانتەکان بریتین لە (ج، چ، د، خ، ز، ژ، ش، ت، م، س، ك، ز، غ، پ، ی (کۆنسنانت)، ن، ل، ڵ، ن، ب، ر، ژ،ڤ، د، ڕ، گ، ه، ق، ف، ) = (29).**

### ( 3-4/1 ) فۆنیمی دوو لایەنە :

**لەم باســـەدا زاراوەی دوولایەن بەکاردێ، چـــونکە بەبڕوای ئێمە بەکارهێنانی زاراوەی (نیمچـــە ڤاوڵ) یان (نیمچـــە کۆنســـنانت) زۆر دروســـت نییە و واتای تەواوی زاراوەکە ناپێکێ، چـــونکە لە زمانی کوردی ئەو فۆنیمانەی دوولایەنن لەرووی دەنگەوە وەکو ڤاوڵ هەڵسوکەوت دەکات و دەردەکەوێت بەڵام ((وەکو کۆنسنانت دابەش دەکرێت، واتە لەرووی فۆنیمی (ئەرکەوە) کۆونسنانتە)) (تالب حسێن علی: 1993: 16) ئەمەش دوو فۆنیم دەگرێتەوە کە بریتین لە (و، ی) بۆیە بەلیستێکی جیا ناویان دەبەین چونکە کاریگەری لەسەر ژمارەی فۆنیمە ڤاوڵ کۆنســـنانتەکان دەکات، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ شـــێوەی دروســـت بوون و درکاندنی فۆنیمەکە. بەمەش هەندێ کات ڤاوڵن و هەندێ کاتی تریش کۆنسنانتن، ئەو کاتە دەبنە ڤاوڵ کە تەنیا خۆیان لە بڕگەدا بێن هەرکاتێ ڤاوڵێکی تر لە بڕگەدا بێت جگە لەو ئەو کاتە دەبێتە کۆنسنانت.**

### ( 5/1 ) دیاری کردنی فۆنیمی رەسەن و نارەسەن :

**تا ئێســـتا کورد خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو نییە، بەلای کەمەوە بەســـەر چـــوار دیالێکتی ســـەرەکی دابەش بووە، ئەمەش وای کردووە، رێنووســـێکی یەکگرتووشمان نەبێت، چـــونکە لە هەندێ دیالێکتدا هەندێ فۆنیم هـەیـە و بـەکـاریش دێ لـەهەندێ دیالێکتی تر حســـابی فۆنیمیان بۆ نەکراوە. بۆ نموونە (ث) لە هەورامی فۆنیمـە بـەلاَم لە دیالێکتی خواروو فۆنیم نییە. لە هەندێ کاتیشـــدا دەگۆڕێت بۆ (س). دوای بلاَوبوونەوەی ئایینی ئیسـلام کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر ئەم ئایینەی وەرگرت، بەمەش زمانی کوردی بەشـێوەیەکی زۆر کەوتە بەر کاریگەری زمانی عەرەبی، کاریگەریەکە بەشـێوەیەك بوو کە بەکار هێنانی زمانی کوردی شـتێکی نەگونجاو بوو بۆیە هۆزانڤانێکی وەکو نالی دەڵێت (کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکردیە خۆکوردیە ، هەرکەســـێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا). شـەپۆلێکی زۆری وشەی بێگانە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی هاتە نێو زمانی کوردی دوای داگیر کردنی کوردســـتان لەلایەن عوسمانی و فارســـەکانەوە. لەلایەکی تریشـــەوە کوردی وازی لە ئەلفو بێ تایبەتیەکەی خۆی هێنا و رووی کردە بەکارهێنانی ئەلفو بێی (ئارامی)دا. بەمەش کۆمەڵێ کێشـەی رێنووسیمان بۆ دروست بوو. ئەوەش وای کرد هەندێ فۆنیمی نارەسەن بخزێنە نێو فۆنیمە کوردیەکانەوە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین فۆنیمی رەسەن و نارەسەن لەیەکتر جیا بکەینەوە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1 – (ئـ) پێش ئەوەی باسی رەسەنی ونارەسەنی ئەو فۆنیمە بکەین دەبی باسی ئەوە بکەین (ئـ) لە کوردیدا فۆنیمە یان نا، چونکە بۆچوونی جیاواز لە بارەی فۆنیمەکەوە هەیە. هەندێ زماناس دەڵێن (ئـ) فۆنیم نییە لە زمانی کوردیدا (عبداللە حسێن رسول: 2011: 260) هەندێ کی تریش بە فۆنیمی دەزانن ( تاهر صادق: 1969: 19) لە نێوان ئەم دوو بۆچوونە دەبێ ئێمە خۆمان یەك لایی بکەینەوە بە بڕوای ئێمە (ئـ) فۆنیمە چونکە مەرجی فۆنیم بوونی تێدایە و لەسەرەتا و کۆتایی وشەدا بەکاردێ، ( ئازاد، ، نەئـ) کەواتە (ئـ) فۆنیمە لە زمانی کوردیدا چونکە مەرجی فۆنیم بوونی تێدایە، لە رێنووسی ئێستای کوردیشدا بە کاردێ بوونیشی هەیە. بەکارهێنەرانیش ئاشنایەتی تەواویشیان لەگەڵ ئەو فۆنیمە هەیە، ئێمە (ئـــ) بە فۆنیم دەزانین و هەروەها ئەو فۆنیمە زۆریش چالاکە چونکە لە پێش هەموو ڤاوڵەکان بەکاردێت. هیچ کێشەیەکیشی نییە و گرانیش ناخاتە سەر بەکارهێنەران و ئەو کەسانەی فێری زمانەکەش دەبن.

ئەگەر وای دابنێین کە (ئـــ) فۆنیم نییە، ئەوە دەبێ واز لە هەندێ یاسای فۆنۆلۆجی زمانی کوردی بهێنین وەك برگە لە زمانی کوردیدا بە ڤاوڵ دەست پێناکات، بە واتایەکی تر دەبێ بگوترێت لە زمانی کوردیدا بڕگە بە ڤاوڵ دەسپێدەکات. کەواتە (ئـ) فۆنیمێکی کۆنسنانتە.

2 – (ح) بیروبۆچوونی جیا هەیە لە بارەیەوە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا زمانی کوردی کاریگەری زمانانی بێگانەی لەسەرە، بەمەش (ح) کێشەی ئەوە دروست دەکات کە ئاخۆ فۆنیمە یان نا. بەبڕوای ئێمە (ح) بە فۆنیمێکی کوردی دانانێین. چونکە لە بنەرەتدا لە زمانی کوردی وشەی وامان نییە کە (ح) تیا بێ ئەوەی هەشە عەرەبییە. هەرچەندە هەندێ وشەی وەك (حەفت، حیلك، دەحل، بلح، حەسانەوە، حەوانەوە...) هەن بەلام دەکرێ (هەفتە) گۆڕابێ بۆ (ح). هەریەکە لە وشەکانی (( حەسانەوە، حەوانەوە لە وشەکانی احتوائـــ، احسن ـەوە هاتوون )) (عبداللە حسێن رسول: 2011: 261) کەواتە هەرچەندە (ح) لە زمانی کوردیدا هەیە وەك بوون بەلام (ح) فۆنیمێکی رەســەن نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە هاتوون، خۆماڵی کراون.

3 – (غ) ئەو فۆنیمەش لە بنەرەتدا گومانی لێدەکرێت کە کوردی بێ. چونکە لە زمانی کوردیدا وشە گەلێکی زۆر کەم هەن (غ) تێدا بێ. بەلام ئەوەی جێگای سەرەنجە ئەو فۆنیمە لە نێو زمانی کوردیدا لە کۆن و لە نێو شاعیرە کلاسیکیەکان بەکارهێنانی هەبوو، بەلام ئێستا زۆر کەم بەکاردێ دەگۆڕێت بۆ (خ). بێ ئەوەی گۆڕانی واتایی دروســت بکات. ((دەتواندرێت (غ) بە ئەلۆفۆنی (خ) دابندرێت، ئەمەش نابێتە هۆی گۆڕانی واتا)) (عبداللە حسێن رسول: 2004: 10).

| وشە | وشە | گۆڕانی (غ) بۆ (خ) | |
|---|---|---|---|
| باغ | باخ | با/غ/ | با/خ/ |
| غەم | خەم | /غ/ـەم | /خ/ـەم |
| باغەڵ | باخەڵ | با/غ/ـەڵ | با/خ/ـەڵ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4 – (ع) یەکێکە لەو فۆنیمانەی کە گومانی ئەوەی لەســـەرە لە بنەڕەتدا کوردی نەبێ. هەرچـــەندە لە نێو زمانی کوردیدا هەندێ وشـــە هەند کە فۆنیمی (ع) تیایە بەڵام گومان لە رەســـەنی وشـــەکان دەکرێ، واتە لەوانەیە وشەکان لەبنەرەتدا وشەی عەرەبی بن، چونکە زمانی کوردی سەر بە زمانی هیندۆ ئەورووپیەکانە، ئەو زمانانەش ئەو جۆرە دەنگانەی تیدا بەرچـــاو ناکەوێت. بەڵام لەبەر بەکارهێنانی وشـــەی وەك (عەداڤ، لەعل، شیعر...) ئەو فۆنیمە هاتۆتە نێو ئەلفوبێی کوردی بەشێوەیەکی باشیش جێگیر بووە، بەمەش دەبێتە یـەکێك لـەو فۆنیمـانـەی لـەبنـەرەتـدا کوردی نییـە، بـەڵام خوازراوە و خۆمـاڵی کراوە. هـەندێ کەس و لایەن بەتایبەتی میدیاکان (ع) دەگۆڕن بۆ (ئـ) بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو کردارە کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە، وەك (عێراق ئێراق، عەجەم ئەجەم...)**

**5 – (ق) هەندێ لە زماناسان باس لەوە دەکەن کە (ق) فۆنیمێکی رەسەنی کوردی نەبێ، بەکاریگەری زمانی تورکی هاتبێتە نێو زمانی کوردی. بەبڕوای ئێمە (ق) فۆنیمێکی رەسەنی کوردییە، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆشی تێدا بەرچـاو ناکەوێت بە بەراوردلەگەڵ رێنووس کردنی فۆنیمەکانی تر، چـونکە ئەگەر فەرهەنگی وشـەی کوردی بەسـەر بکەینەوە ئەوە چەندان وشەی وامان دەست دەکەوێت کە (ق) لە سەرەتا و ناوەڕاست کۆتایدا تێدایە. وەك (قشت، پاقلە، بۆق...) .**

## ( 1/2 ) نیگاری پیتەکان و کێشەی رێنووس کردنیان :

**لە ئێســتای زمانی کوردیدا هەردوو رێنووســی عەرەبی و لاتینی بەکاردێن، واتە لە زمانی کوردیدا هەندێ کەس لایان وایە ســـوود لە ئەلفوبێی عەرەبی وەرگرین و هەندێ کەســـی تریش لایان وایە دەبێ ســـوود لە ئەلفوبێی لاتینی ببینین، ئەوەی گومانی تێدا نەبێ ئەوەیە هەردوو رێنووســـەکە کەم تا زۆر کێشـــەی خۆیان هەیە. لە رێنووسی عەرەبیدا کێشەی (وو) و (ێ) و (ڕ) و .... هەیە. لە رێنووسی لاتینیشدا هەندێ کێشەی وەك نەبوونی هێما بۆ بزرۆکە و هەرچـەندە لە رێنووسـی لاتینیدا هێمای (i) بۆ داندراوە و بۆ (ع) (وێرگوڵ ') دانراوە رێنووس کردنی (ئـ)....**

## ( 1-1/2 ) نیگاری پیتە عەرەبییەکان و شێوەی نووسنیان :

**نیگاری پیتە عەرەبییەکان لەرێنووســی کوردیدا هەندێ کێشـەی تێدایە کە، تائێســتاش بۆچـوونی جیاواز هـەیـە لـەبـارەی رێنووس کردنیـان، بۆیـە لێرە هـەنـدێ کێشـــەی رێنووســـی کوردی بـە ئـەلفوبێی عەرەبی دەخەینەروو.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**(1-1-1/2) (وو) و ( و ) :**

**لەســەر بوونی (و) و (وو) بۆچـونی جیاواز هەیە، هەندێ زمانناس لایان وایە کە (و) و (وو) هەمان شــتن و دەبێ هەموو (وو) بە (و) بنووسرێ (عبدالله حسێن رسول: 2011: 268) بەلاّم هەندێکی تر پێان وایە (و) و (وو) دوو فۆنیمی جیاوازن، هەرچەندە لە رووی دروست بوون و سازگەوە هەمان شتن، بەلاّم (و) لەسەرەتا و ناوەڕاســت و کۆتایدا بەکاردێ. بەلاّم (وو) لەســـەرەتای وشـــەدا بەکار ناهێت. هەردوو فۆنیمی (و) و (وو) لەرووی ماوەی دەنگی خیاندراو و توندی دەنگ و پلەی دەنگی جیاوازن.**

**(و) لەســـەرتای وشـــەی (ولاّش) دا، ماوەی خایاندراوی بریتیە لە (0,94737 چـــرکە) و تووندی دەنگەکە بریتیە لە (67,21DB) و پلەی دەنگی بریتیە لە (104 Hz). لە ناوەڕاســـتی وشـــەی (رێواس) دا ماوەی خایاندراوی بریتیە لە (چرکە0,074) و تووندی دەنگەکە بریتیە لە (78,83 DB) و پلەی دەنگی بریتیە لە (116,3 Hz). و لە کۆتای وشەی (کەو) دا، ماوەی خایاندراوی بریتیە لە (0,166803چرکە) و تووندی دەنگەکە بریتیە لە (69,18DB) و پلەی دەنگی بریتیە لە (98,41Hz).**

**(وو) لە ناوەڕاستی وشـەی (کووڕ ) دا ماوەی خایاندراوی بریتیە لە (0,324496چرکە) و تووندی دەنگەکە بریتیە لە (72,11DB) و پلەی دەنگی بریتیە لە (126,3Hz). و (وو) لە کۆتایی وشـــەی (دوو) دا ماوەی خـایـاندراوی بریتیە لە (0,382489چـــرکە) و تووندی دەنگەکە بریتیە لە (68,03DB) و پلەی دەنگی بریتیـە لـە (112,5Hz). (بڕوانـە د. عـاطف عبـدالله فـەرهـادی: 2014: 217،218،....) کەواتە بە پێی پێوەری زانستی (و) و (وو) دوو فۆنیمی جیاوازن دەبێ دوو وێنەی جیای هەبێ. لەرووی درکاندنیشەوە (وو) دەم زیاتر خڕ دەبێتەوە لە (و).**

**(2-1-1/2) (س ) و (ص):**

**(س) فۆنیمێکی کوردی بێ کێشــەیە. ئەوەی کێشــەی دروســت کردووە بریتیە لە فۆنیمی (ص)، چـونکە لە هـەنـدێ وشــــەی کوردی دا وەکو دەنگ بوونی دەبێت. بـەلاّم نـابێت وەکو فۆنیم هـەژمـار بکرێت لە زمانی کوردیدا، دەنگی (ص) کاتێ دروست دەبێت کە، دەنگی پێش دەنگی (ص) (مەلاّشوێندراو) دەکرێت، واتە دەنگە قەڵەو دەکرێت وەك لە نموونەی (سـالّ) لە خوێندنەوە دا دەبێتە (صـالّ) و (سـەگ) لە خوێندنەوە دا دەبێتە (صـەگ) و (سـەلتە) لە خوێندنەوە دا دەبێتە (صـەڵتە)... بەمەش ئەو کاتە (ص) دەبێتە ئەلۆفۆنێکی (س). بەمەش کشێەکە چارەسەر دەبێت ئەگەر (ص) بە ئەلۆفۆنی (س) هەژمار بکەین.**

**(3-1-1/2) (ی) و ( ێ):**

**لـە زمـانی کوردیـدا دوو فۆنیمی (ی) هـەیـە، کە یەکیان درێژ و ئەوەی تریان کورتە. نووســـینی (ی) ئەگەر بکەوێتە ســەرەتا وشــە ئەوە بێ کێشــەیە، هەروەها بەرادەیەکی زۆر (ی) لە ناوەڕاســتیش بێ کێشــەی نییە، لەرووی کورت و درێژییەوە، بەلاّم کاتێ (ی) لە کۆتایی وشـە دێت ئەوە کێشـەکە دەست پێدەکات چونکە کاتێ**

بەهۆی (ی) ئیزافەوە بدرێتە پاڵ وشەیەکی تر ئەوە دەبێتە (ێ) وەك (کۆتایی، پێکهاتەیی، ...). هەندێ وشە هەیە خۆی کۆتای بە (ێ) هاتووە، ئەو کاتەی بەهۆی (ی) ئیزافەوە دەدرێتە پاڵ وشـــەیەکی تر ئەوە دەبێتە سێ (ی) ئەوەش لەرووی رێنووسـەوە شتێکی رێك نییە، بۆیە دەبێ لەکاتی نووسیندا یەکێك لە (ی)ـــــیەکان فەرامۆش بکرێ. ئەوەی زۆر کێشەی (ی) و (ێ) ڤوڵ بکاتەوە کێشی عەرووزی شیعرە ... .

## (4-1-1/2) (ی) ڤاوڵ و (ی) کۆنسنانت:

(ی) لەو فۆنیمانەیە کە جارێك دەبێتە ڤاوڵ و جارێکی تر دەبێتە کۆنسنانت، واتە (ی) فۆنیمێکی دوولایەنە، ئەوەش کێشە بۆ رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دروست دەکات، چونکە ئەگەر کەسێکی پسپۆڕی زمان نەبێت ناتوانێت (ی) ڤاوڵ و (ی) کۆنسنانت لەیەکتری جیا بکاتەوە، چونکە هەردوو فۆنمیمەکە هەمان هێمای رێنووســیان هەیە. بۆیە ئێمە لێرەدا پێشـنیازی ئەوە دەکەین کە، هێمایەك هەبێ بۆ لێك جیاکردنەوەی ئەم دوو فۆنیمە. بۆ ئەوەی خوێنەران و ئەو کەسانەی کە فێری زمانی کوردی دەبن بتوانن بە ئاسانی (ی) و ڤاوڵ و (ی) کۆنسنانت لەیەکتری جیا بکەنەوە. نموونە بۆ (ی) کۆنسنانت بریتییە لە (یــار، یـــاری، دیـــاری، ....) هەروەها نموونە بۆ (ی) ڤاوڵ بریتییە لە( مــــیـــــران، برِی، کوردی، شایی، ئاوایی....)

## (5-1-1/2) بزرۆکە:

یـەکێکی تر لـە کێشــــەکانی رێنووســــی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی بریتیە لە نەبوونی هێما بەرامبەر بە فۆنیمی (بزرۆکـە). بزۆرکـە وەك و زاراوە جێگـای خۆی گرتووە، لـە زمـانی کوردی و لـە نێو ڤۆنـاغـەکـانی قوتابخانەکان بەلآم تا ئێستا نیشـانەیەکی تایبەتی نییە لە رێنووسـی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، تا ئێسـتا پسـپۆڕ و شـارەزایانی زمانی کوردی ئەم کێشـەیان چـارەسـەر نەکردووە، ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە، چـونکە بزرۆکە یەکێکە لە فۆنیمە ڤاوڵەکان. لەســـاڵانی حەفتاکانی ســـەدەی رابردوو کۆڕی زانیاری کورد بانگەوازی ئەوەی کرد کە نیشانەیەك بۆ بزرۆکە دابندرێت و لە نووسنەکانی خۆشیان تا رادەیەك پەیڕەویان کرد، بەلآم هەر زوو توشـی کاردانەوە بوونەوە، چـونکە هەندێ کەس پێیان وابوو نیشـانەکەی کۆڕ لە کەسـرەی عەرەبی دەچێت ..... ئێمە پێشنیازی ئەوە دەکەین نیشانەیەك بۆ فۆنیمەکە دابندرێت، پێمان وایە لەبەر ئەوەی ئەم فۆنیمـە دەنگێکی ژێرە دەبێ نیشـــانـەیەکی بۆ دابندرێت کە بگونجێت لەگەڵ دەنگەکە لە هەموو رووێکەوە. ئێمە پێمان وایە کە نیشـانەی ( ٮ ) لەژێر ئەو شـوێنە دابندرێت کە فۆنیمی بزۆرکەی لێیە. ئەم نیشـانەیە لەگەڵ دەنگەکە دەگونجێت لەســــەرەتای فێرکردنی ئەلفوبێی کوردی قوتابی بە ئاســــانی لەگەڵ را دێت و لە بزرۆکە رزگاری دەبێت. ئەو کێشەی رێنووسیشمان نامێنێت. وەك ئەم نمونانەی خوارەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ن. ئەلفوبێی عەرەبی (ئێستا) | ن. ئەلفوبێی عەرەبی (پێشنیازکراو) | ن. ئەلفوبێی لاتینی |
|---|---|---|
| من | مِن | Min |
| کچ | کِچ | KiÇ |
| ژن | ژِن | Jin |
| مشك | مِشِك | Mişik |

**(2/1-1-6) (و) (و) ڤاوڵ و کۆنسنانت:**

یەکێك لە کێشەکانی تری رێنووس بە ئەلفوبێی عەرەبی جیا نەکردنەوەی هەردوو (و) ڤاوڵ وکۆنسنانتە. ئەوە فۆنیمەش وەکو (ی) دوولایەنە چونکە جارێك دەبێتە کۆنسنانت و جارێکی تریش دەبێت ڤاوڵ. بەمەش زۆر کەس توانای جیاکردنەوەی (و)ی ڤاوڵ و کۆنسنانتیان نییە، بۆیە ئێمە پێشنیازی ئەوە دەکەین نیشانەیەکی وەك (سەرە- فتحە) لەسەر (و، ی)ی ڤاوڵ دابندرێت بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لە جۆرەکەی تر ، بەمەش ئەم دوو فۆنیمە لە یەکتر جیا دەکرێنەوە و کێشەیەکی تری رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی ئارامی نامێنێت.[4]

**(2/1-2) نیگاری پیتە لاتینیەکان و شێوەی نووسینیان:**

لە نێو زمانی ئێستای کوردیدا ئەلفوبێی لاتینی بەکاردێ، ئەم ئەلفوبێیەش وەنەبێ بێ کێشە بێ، بەڵکو هەندێ کێشەی هەیە وەك نەبوونی هێما بۆ هەندێ فۆنیم و ... هەندێ کێشەی تری وەك رێکنەکەوتنی نووسەران لە وێنەی هەندێ فۆنیم.... لێرەدا باس لە هەندێ کێشەی ئەو رێنووسە دەکەین.

**(2/1-2-1) نەبوونی وێنە بۆ (ئـ):**

یەکێك لە کێشەکانی رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی بریتیە لە نەبوونی وێنەی دەنگی/ پیت بەرامبەر فۆنیمی (ئـ). هەرچەندە لە سیستەمی ئەلفوبێی جیهانی نیشانەی (?) یان بۆ داناوە، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ مەبەستی فێرکردن بەکاردێ. ئەوەش کێشەیەکە بۆ قوتابیان و ئەو کەسانەی کە فێری زمانەکە دەبن بۆ ئێمە لێرەدا پێشنیازی ئەوە دەکەین نێشانەیەك بۆ ئەم فۆنیمە لەم رێنووسەدا دابندرێت. ئەوەی شارەزای رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی بی ئاشنایەتی لەگەڵ نیشانەی (ـ´) هەیە. و دەوانێت بەرامبەر

---

[4] هەندێ گیروگرفتی تریش هەن لە بارەی هەندێ فۆنیمی تری وەك (ڕ، ر، ل، ڵ...) بەڵام نووسەر و زمانناسان تا ئاستێکی باش گرفتەکانیان چارەسەرکردووە و کارەکانیشیان جێگای خۆی گرتووە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانین دووبارە هەمان باس و خواسی ئەوان لێرە دووبارە بکەینەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بە (ع) بەکارهاتووە، کەواتە ئەزموونێك لەو بوارەوە هەیە. بۆیە ئێمە پێشنیازی نیشانەی (وێرکوڵ) دەکەین کە لەسەرەوەی ئەو پیتە دابندرێت کە لەدوای دەنگە دێت. وەك ئەم نمونانە: (....´Azad, ´Asrêre)**

### (2-2-1/2) **نەبوونی نیشانە/ پیتی** (ڕ)

**یەکێکی تر لە کێشەکانی رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی بریتیە لە نەبوونی هێما بۆ فۆنیمی (ڕ) کە ئەمە لە رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی حەفتی لەژێرە وە بە وە کێشەکەی چارەسەر کراوە، بۆیە ئێمە پێش نیازی ئەوە دەکەین بۆ جیاکردنەوەی (ر) لە (ڕ) نیشانەیەك بخرێتە سەر فۆنیمی (R) لە لاتینیدا. ئێمە پێشنیازی ئەم هێمایە دەکەین بۆ (ڕ) (R̂) بۆ (ر) هەر هەمان هیمای (R) هەبێ.**

### (3-2-1/2) **نەبوونی نیشانە/ پیتی** (ڵ) :

**بەهەمان شێوەی (ڕ) (ڵ)یش هێمای بۆ دانەنراوە لە رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی بگرە هەندی نووسەر پێشنیازی دوو (L) دەکەن هەندێکی تریش (Lh) دەکەن. بەلاَم ئێمە بۆ جیاکردنەوەی (ل) لە (ڵ) پێشنیازی ئەوە دەکەین کە نیشانەیەك دەکەین کە دەکەوێتە سەر پیتەکە (Ĺ) . بۆ (ل) هەر هەمان پیتی (L) بمێنێ.**

### (4-2-1/2) **نووسینی هەردوو پیتی** ( خ ) **و** ( غ ) **بە** ( X ):

**ئەوەش یەکێکی ترە لە کێشەکانی رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی . گونجاو نییە دوو فۆنیم بەهەمان هێما هێمایان بۆ بکرێت، هەر چەندە فۆنیمی (غ) بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، بەلاَم هەندی وشە هەن کە ئەو فۆ نیمەیان تێدایە، بۆیە دەبێ نیشانەی تایبەتی هەبێ ئەگەر بەئەلۆفۆنی (خ) دانەندرێت. دەکرێ (خ) بە (X) و (غ) بە (Ẍ)**

**بنووسرێت. هەروەك لەو نموونانە دەردەکەوێت. ( ...Xebat, Ẍardan)**

### **ئە نجام:**

**لەکوتایی ئەم باسە دا گەیشتیەن ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

- **ژمارەی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا (36) دانەیە و بۆ کۆنسنانت و ڤاوڵ و دوولایەن دابەش بوون.**
- **فۆنیمی (ئـ) لە زمانی کوردیدا فۆنیمێکی کۆنسنانتە.**
- **لە زمانی کوردیدا هەندێ فۆنیمی زمانانی بێگانەی تێخزاوە. وەك (ح، ع، ص،....)**
- **(خ) و (غ) ئەلۆفۆنی یەکترن چونکە بە گۆڕینیان واتا ناگۆڕن.**
- **(و) و (وو) دوو فۆنیمی جیاوازن .**
- **لەهەردوو رێنووسەکە دا کێشە هەیە، بەلاَم نووسین بە رێنووسی لاتینی کێشەی کەمترە.**
- **هەندێ نیشانەی نوێ بۆ هەندی فۆنیم دانراوە ئەگەر پەیرەوی لێ بکری کەلێنێکی گەورە لە کێشەی رێنوو س پڕ دەکاتەوە.**

**لیستی سەرچاوەکان:**

**أ – بەکوردی:**

1 – د. ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، 1976، بەغدا.

-2 ـــــــــــــــــــــــــــ، گیروگرفتی رێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد بەرگی نۆهەم، 1982، بەغدا.

3 - ـــــــــــــــــــــــــــ، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، 2014، هەولێر.

4 – بەدران ئەحمەد حبیب، رێنووسی یەکگرتووی کوردی، 2005، هەولێر.

5 – تاهر صادق، رینووس، 1969، کەرکوك.

6 – تالیب حسێن علی، نیمچە ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ:132، 1993. بەغدا.

7 – تاریق صاڵح، چەند سەرنجێکی زمانەوانی، 2008، هەولێر.

8 – سەلام ناوخۆش، زمانناسی بنیادگەری چومسکی، 2008، هەولێر.

9 – د. عبداللە حسێن رسول، چەند پیتێکی کێشە لەسەر،گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژ12، 2004، دهۆك.

10 - ـــــــــــــــــــ، بەکام ئەلفوبێ بنووسین، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی، ژ:2-، 2011، هەولێر.

11 – د. عاتف عبداللە فەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بچینەی Part 2014، هەولێر.

12 – غازی فاتیح وەیسی، فۆنەتیك، 1984، بەغدا.

13 – محمدئەمین هەورامانی، سەرەتایەك لە فیلۆلۆژیای زمانی کوردی، 1973، بەغدا.

14 - ـــــــــــــــــــــــــــ، فۆنەتیکی زمانی کوردی، 1974، بەغدا.

15 - ـــــــــــــــــــــــــــ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، 1982، بەغدا.

16 – د. محمد محوی، زمان و زانستی زمان، 2001، سلێمانی.

17 – پ.د. محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان، 2010، هەولێر.

18 - ـــــــــــــــــــــ، زمانەوانی، 2011.

19 – مسعوود محمد، هەندێ بابەتی زمان و رێنووسی کوردی، 2011، هەولێر.

20 – نوری علی ئەمین، رێزمانی کوردی، 2012، هەولێر.

21 – لێژنەیەك، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی حەفتەمی بنەرەتی و: پەروەردە، 2014، هەولێر.

-22 ـــــــــــــ، رێنووسی کوردی بە پێی زانسیتی رێنووسی کوردی، 2013، هەولێر.

23 – پ.د. وریا عمر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، 2004، هەولێر.

24 - ـــــــــــــــ، پیتۆکەکانی زمانەوانی، 2011، هەولێر.

25 - ــــــــــــــــ، **گیروگرفتی نووسینی کوردی بەلاتینی، گۆڤاری توێژینەوەی کۆنفۆانسی زانستی زمانی کوردی**، 2011، **هەولێر**.

26 - ــــــــــــــــ، **چاوپێکەوتنی تایبەتی** 2016/1/2

**ب – بە عەرەبی:**

1 – أحمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، 2004، قاهرة.

2 – أحمد محمد قدور، مبادء اللسانيات، 1992، ديمشق.

3 – تمام حسان، منهج بحث اللغوي، 1990، قاهرة.

4 – حسام البهنساوي، علم الاصوات، 2004، قاهرة.

5 – محمود سعران، علم اللغة، 1962، مصر.

6 – كمال بشر، الاصوات اللغوية. 2000، قاهرة.

**ج – بە ئینگلیزی:**

1-David Crystal, A dictionary of linguistics and phonetics, fifth edition, Blackwell. 

**د – پێگەی ئەلیکترۆنی:**

1 - www.google.com\phoneme.np.nd=1 مصطلح الفونيم و مفهومه 

**الملخص:**

الفونيم اصغر وحدة لغوية في مستوى الفونولوجي. وان اللغوين الى حد الان لم يجتمعوا على رأي واحد، فيما يتعلق ببعض الموضوعات في اللغة الكوردية، كعدد الفونيمات و اعداد الفونيمات الصامتة و الصائتة و بعض المشاكل الاملائية. ونحن من هذا المنظور نسلط الضوء على هذه المشاكل و نحاول ساعين الحلول لها.

البحث يحتوى ماعدا المقدمة و نتائج البحث و قائمة المصادر و المراجع على محورين. يتضمن المحور الاول هذه العناوين (الفونيم و لمحة تاريخية، الفونيم المصطلح و المفهوم، خصائص الفونيم، تحديد الفونيمات في اللغة الكوردية، تحديد الفونيمات الصامتة و المصوتة، تحديد الفونيمات الاصلية و دخيلة). ويتضمن المحور الثاني (رسم الحروف و طريقة كتابتها، رسم الحروف العربية و طريقة كتابتها، رسم الحروف اللاتينية و طريقة كتابتها). وفي نهاية البحث قدمنا ملخص البحث باللغتين العربية و الانكليزية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract:

Phoneme is the smallest segment in language in phonology field. There are still some contortion topics about phoneme among the Kurdish linguistics like the number of phonemes, the number of voulls and consonant and some issues that relate to diction. We shed light on these problem and we to solve them.

The research include two parts except the introduction, conclusion and the list of references. The first part in cludes (phonemes and a short history of phonemes, concept of phonemes, selecting the voulle and consonant phonemes, selecting orgined and non-original phonemes.) the second part includes (the shape of the letters and the way of their writing, the shape of Arabic letters and the way of their writing, the shape of Latin letters and the way of their writing.) in the end of the research has given in Arabic and English language.